# سەرۆك عەشیرەتی زێباری لە كۆمەڵگەی سێبیران، داوای گەڕاندنەوەی 20 بنەماڵەی زێباری بۆ زێدی خۆیان دەكات

**ئا: سالار بابەشێخ**

**بەشێك لە خێزانەكانی عەشیرەتی زێباری كە پێكهاتوون لەنزیكەی 20 بنەماڵە و ئێستا دانیشتووی كۆمەڵگەی "سێبیران"ی سەر بە پارێزگای هەولێرن، داوای گەڕاندنەوەیان بۆ زێدی خۆیان دەكەن. "مەلا حەسەن یوسف چاربۆتی" سەرۆك عەشیرەتی زێباری لە كۆمەڵگەی سێبیران كە چەندین ساڵ پارێزەر و یاوەری مەلا مستەفا بارزانی بووە، لەمبارەیەوە رایگەیاند كە ئەوان ماوەی 26 ساڵە ئاوارەن و لە ئاوارەیی بێزار بوون و پاش 15 ساڵ لە دامەزرانی دەسەڵاتی كورد و حكومەتی كوردی، هێشتا ئاوڕێكیان لێنەدراوەتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان.**

مەلا حەسەن چاربۆتی لە دایكبووی ساڵی (1917)یە و سەرۆك عەشیرەتی زێبارییەكانە لە كۆمەڵگەی سێبیران و ماوەیەكە بینایی خۆی لە دەست داوە و تەنها ئاواتی ئەوەیە كە خۆی و عەشیرەتەكەی بە زێدی خۆیان شاد ببنەوە، بۆیە لە داواكارییەكدا كە سەرۆكی 14 خێزان واژوویان كردووە، داوا لە سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكات بیانگۆزنەوە بۆ دەڤەری ئاكرێ یا خود لە شاری ئاكرێ جێنیش بكرێن كە زێدی باب و باپیرانیانە. ئەو لەو چارەنووسە گلەمەندە كە لەسەر زێدی خۆیان هەڵكەندراون و ماوەی 26 ساڵە ئاوارەن، وەك باسی كرد لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی بارزانییەوە خزمەتی كوردستانیان كردووە و قوربانییەكی زۆریان لە پێناوی خەباتەكانی بنەماڵەی بارزانیدا داوە كە بەم بۆنەوە حكومەتی داڕووخاوی بەعس گوندەكانیانی پێ چۆڵ كردووە.

مەلا حەسەن بە خەمبارییەوە ئاماژەی بەوە كرد كە زۆر ئاسانتر بووە چاوی بە مەلا مستەفا بكەوێ تا ئەوەی كە چاوی بە نەوەكانی بكەوێ. وەك باسی كرد كاتێك عەبدولكەریم قاسم بریندار بووە بە سەردان چووە بۆ لای مەلا مستەفا، و كاتێك ویستوویە بگەڕێتەوە، بارزانی پێی گوتووە مەڕۆوە، تا دەنێرین لە هەولێر و موسڵ چەند كەسێك دێن بۆ پاراستنی قەسری "سەباح"، مەلا حەسەن پێیوایە دوای نەمانی بارزانی بارودۆخی ئەوان بە تەواوی تێكچووە، بۆیە دەڵێت "پشتی كوو سەرۆكی عەمری خودێ كر وەزعی مە زۆر تێكچوو"، لە بارەی سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش گوتی "مە ئەو هەندی دنیایێ دڤێن"، بەڵام پێیوایە سەرۆكی كوردستان ئاوڕێكی لەوان نەداوەتەوە، بۆیە گوتی "لە هەشتێ حیساب بكە مە ئاوارەینە، حسێبا ئاوارا دگەل مە ناكەن، ئەم ئەهلێ بادینانینە و دخوازین بچینە مەنتەقا خۆ، بچینە ئاكرێ و مە دڤێ ل مە بپرسن و خانییا بۆ مە چێ كەن، مە گەلەك زەحمەتییێت دیتی، دوو جارا من چ نەمایە".

"نەزیر" یەكێكە لە كوڕەكانی مەلا حەسەن چاربۆتی كە ئەویش ئاماژەی بەوە كرد كە هەموو بنەماڵەكانیان خوازیاری ئەوەن بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان و لە بارەی ئەوەی كە بۆچی داوایان لە حكومەت نەكردووە ئاسانكارییان بۆ بكات گوتی " هیچ رێگایەك نییە، دەنگت بە هیچ شوێنێك ناگات"، نەزیر باسی نزیكایەتی خۆیان لە بنەماڵەی بارزانی دەكات و دەڵێت "ئێمە لە ئێران بووین لە نەغەدەی لە نزیك ماڵی سەرۆك، بابم حەرەسی سەرۆك بارزانی بوو، من و برایشم لە گەڵ كاك نێچیر و دلۆڤان و نیهاد و سیداد و كاك دڵشاد پێكەوە لە دەبیرستانی "سامان" دەمانخوێند، پێكەڤە دەچووینە رووباری گادەرێ، عەلی برام 7 ساڵ چایچی بووە لە بارەگەی بارزانی، بەڵام ئێستە حزب رێگە نادات ئێمە بۆ یەكجاریش چاومان پێیان بكەوێت، چەند موراجعەمان كرد گوتیان رێ نییە". نەزیر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا كە هۆكاری چییە بڕیاریانداوە بۆ ئاكرێ بگەڕێنەوە گوتی "ئێمە قەرەج نین زێدمان دیار نەبێ، ئێمە شوێنمان دیارە، حەز دەكەین بچینەوە بۆ ئاكرێ، ئێمە هی ئەم بیابانە نەبووین، بە زۆر و بە ناچاری ئاوارە كراوین ".

"محەمەد یوسف حەسەن یوسف"ی تەمەن 49 ساڵیش برای نەزیر"ە کە فەرمانبەر بووە لە بنکەی تەندروستی سێبیران وەك نەزیر باسکرد لە ساڵی 80کان بە ئاگری سۆپا سووتاوە، دواتر تووشی نەخۆشی دەروونی هاتووە، دوای ماوەیەك بە زۆر بردوویانە بۆ سەربازی لە سەردەمی رژێمی بەعس. نەزیر لە بارەی براکەیەوە گوتی "بە هەنجەتی نەخۆشییەکەی بابم گەڕاندیەوە، پاش راپەرین بڕیار درا ئەوانەی لە لایەن رژێمی بەعسەوە فەسڵ کراون بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان، بەڵام بە بۆنەی ئەوەی هیچ مەلەفێکی لە وەزارەتی تەندروستی نەماوە، هیچ کارێکیان بۆ نەکردووە و ئێستاش هیچ مووچەیەکی نییە، ئەو 6 منداڵی وردی هەیە و نەخۆشی دەروونی هەیە، هەتا ئێستاش لە چاودێری خێزانی و لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵاتیش کارێکیان بۆ نەکردووە، تەنها ئەوە نەبێ کە "ناوچە" وەك خێرانە مانگانە شتێکی دەداتێ".

شایانی باسە لە دیواخانی ماڵی مەلا حەسەندا خەڵکێکی زۆر کۆببوونەوە و داواکاری خۆیان تۆمار کرد و سەرۆکی 14 خێزان ئەو داواکارییەیان واژوویان کرد و لە رێگەی رۆژنامەی کوردستان راپۆرتەوە داواکارییەکەی خۆیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان کرد کە ئاورێکیان لێ بدرێتەوە و بە زیدی خۆیان شادیان بکەنەوە.